**ئۆکتۆبەر : ئاشکرابوونی تاوانەکانی باندی درندەو تیرۆریستی شیخ زانا، جەماوەری فراوانی خەلکی کوردستانی سەرسام کردوە، ئیوە چۆن دەروانن ئەم مەسەلەیەو لەم بارەیەوە چ قسەیەکتان هەیە؟.**

**تاهیرحەسەن :**

**ئینسانکوژی و تەقاندنەوە وئینسان دزین وپارچەپارچەکردنی جەستەی بەشەر, بەدەستی دەستەوتاقم وباندی چەقۆکێش ومافیای ئیسلامی سیاسی, بەزۆر کراوەتە دیاردەیەکی بەرچاوو وهەموو ڕۆژەی دنیای هاوچەرخی ئەمڕۆ. هەموو ڕۆژێکی عێراق ودوێنێی میسر و پێریێ ی لەندەن و چەند مانگ بەر لەئێستای ئیسپانیا , تادەگات بە چەندین سالێ قەسابخانەکانی جەزائیر وفەلەستین وئیسرائیل ولوبنان وپاکستان , گوزارشت لەگەورەترین کارەساتی لەنێوچوونی بە کۆمەڵی دەیان هەزار ئینسان بەدەستی دەستەوتاقمی تیرۆریستی ئیسلامی دەکەن. بەڕاستی ئینسان دەستەوەستانە و قەڵەم بیێ زمانە لە دەربڕین بۆ پێناسەکردنی تاوانێك کە ڕۆژانە ئینسانکوژانی ئیسلامی دەرهەق بە ئینسان وئینسانیەت ئەنجامی دەدەن. تەنیا مێژووی 20 ساڵی رابردووی کۆمەڵگەی ئینسانی وتا ئەمڕۆش, بە ئەندازەی چەندین سەدە تیرۆریزمی ئیسلامی تاوانی بە هەقی ئینسانیەت ئەنجامداوە. ئەگەر یەخسیرکردنی ژیانی چەندین ملیۆن ئینسان وقەدەغەکردنی تەلەفزیۆن و مۆزیك و وەرزش و هەڵگرتنی کەللەسەری ژنان بەفیشەك وبەزۆر ڕاپێچکردنی خەڵك بۆ مزگەوتەکان وقەدەغەکردنی ڕیش تاشین ودەخاڵەتکردن لە تایبەتی ترین مافەکانی ژیانی خەڵکی دوێنیێ ی ئەفغانستان بەدەستی مشتێك قاچاخچیانی فرۆشی تلیاکی تالیبان مان لەبیر چووبێت !. ئەگەر گیان لەدەستدانی چرکە بە چرکەی هەزاران ئینسانی بیێ تاوانی نێوسەنتەری بازرگانی جیهانی چەند سالێ بەر لەئێستای نێویۆرك مان بەدەستی ئینسانکوژانی ئیسلامی بە ڕابردوویەکی دوور بزانین !. ئەگەر گۆماوە خوێنەکانی چەندین ساڵی جەزائیر و خۆتەقاندنەوەی نێوکافتریاو سینەما وماکدۆناڵدەکانی قودس وتەلئەبیب کە گیانی سەدان ژن ومنداڵ وپیری لەگەڵ خاکدا یەکسان کرد, بەدوور لە ماڵەکانی ئێمە بێتە پێش چاو!. ئەگەر سەختی بەڕێوەچوونی ژیان وخەمی نان , لێمان نەگەڕاوە ئاگامان لە تەقینەوەکانی نێو میترۆکانی ئیسپانیا ولەندەن و شەرم شێخی میسر, کەلاشەی دەیان ئینسانی بە خەڵوز بوویان بە گسك کۆدەکردەوە بێت!. ئەوا کردەوە تا ئەوپەڕی وەحشیانەو دڕندانەکانی گروپە تیرۆریستیە ئیسلامیەکەی (شێخ زانا) کەسەرجەم خەڵکی کوردستانی ڕاچڵەکاند هەم دوێنیێ بوو, هەم لەبەر دەرگای ماڵی هەموومان بوو. ئاشکرابوونی ئەم گروپە جارێکی تر قەتماغەی برینێکی قووڵ , کە ئیسلام و تیرۆریزمەکەی 15ساڵە لەدڵ و جەستەی خەڵکی کوردستاندا هەڵیدەکەنن, هێنایەوە سویێ.**

**هەرچەندە کردەوەکانی گروپەکەی ( شێخ زانا) هیچ مەرزێکی لە ڕادەی دژی ئینسانی بوون ووەحشیگەری ودڵ ڕەقی لەبەرامبەر ئینسانیەتدا نەهێشتەوە, بەڵام بێگومانم لەوەی کە ئەم گروپە بەبەراورد لەگەڵ دەستەوتاقمی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی لە دەهەو نیوی ڕابردوودا لە کوردستان , چ لەباری ئیمکانات و دەست ڕۆیشتوییەوە, چ لەباری چورارچێوەی هەڵسوڕانیانەوە , هیچ وپووچ ترین گروپی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی تا ئێستای کۆمەڵگەی کوردستان بووە. 15 ساڵە بزووتنەوەی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی کە دەیان تۆڕ وگروپی تیرۆریستی وەك (جند الاسلام و ئەنسار الاسلام وتوحید وکۆمەڵی ئیسلامی و گروپەکەی شێخ زانا) لە ژێر عەباکەی ئەوان هاتوونەتە دەرەوە, جەستەی کۆمەڵگای کوردستان خەڵتانی خوێن دەکەن. شمشێر ڕاوەشاندن وپەخشاندنەوەی فتوای قەتڵ وسەربڕین بە پارەوپوولی زەوتکراوی دەمی خەڵك , لەڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ( میحرابی محمد) ی مزگەوتەکانەوە لە دژی ئازادیخوازی ومەدەنیەتی کۆمەڵگە , کارو کردەوەی ئاشکراو قانوونی وڕێگەپێدراوی ئەم چەقۆکێشانە بووە . تیرۆکردنی دەیان کەس لە هەڵسوڕاوانی حزبەکانی کوردستانی عێراق وئۆپۆزسیۆنی ئێرانی, تەقاندنەوەی سالۆنەکانی ئارایشی ژنان ودوکانەکانی مەشروب فرۆشی وشوێنی سەرگەرمی لاوان , هاندان بۆ بەڕێوەبردنی توندو تیژی وهوها کێشان وتێزاب ڕشتن بە گیانی ژنانی مەدەنی پۆش وپەرەدان بە سوونەتی پیسی پیاوسالاری وناموس پەرستی وقوربانی بوونی هەزاران ژن , هەڕەشەی تۆقاندن وسەربڕین لە کۆمۆنیستەکان وئەدیبان و ڕۆشنبیرانی مۆدێرن وئازادیخواز, پاوانکردنی ناوچەکانی تەویڵەو بیارەو هەڵەبجەو خورماڵ وسڕینەوەی ئاسەواری مەدەنیەت وشارستانی لەو ناوچانەدا, بەزۆر ڕاپێچکردنی خەڵك بۆ مزگەوتەکان وکردنی مزگەوتەکان بە مۆڵگەی ڕاهێنانی تازەلاوان لەسەر خۆکوژی وتەقاندنەوەو سڕکردنی مێشکیان بە دژی ئینسانی ترین بیروباوەڕ وهاندانیان بۆ توندو تیژی دەرهەق بە دایك وخۆشك ودراوسیێ ودانیشتوانی کۆمەڵگەکەیان. هەموو ئەمانە کاروکردەوەی وەحشیانەو دژی ئینسانی تیرۆریزمی ئیسلامی بووە لە چەند ساڵی ڕابردوودا, کەسەرێکی قانوونی ومۆڵەت پیدراویان وا لەنێو وەزارەتی ئەوقاف ومەلاکانی مزگەوتەکان و دەستەوتاقمی ڕێگەپێدراوی ئیسلامیدا, سەرێکی تریشی کە باڵی نهێنی وچەکداری ئەوی تریانە, لەدەرەوەن. ئەمانە هەر ناوو ڕەنگ و بۆیەکیان هەبێت دوو سەری یەك بزووتنەوەن.**

زنجیرە تاوانەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی لە عێراق وکوردستان، بەتایبەتی پارچەپارچەکردنی منداڵ و لاوانی کچ وکوڕ بەدەستی گروپەکەی ( شێخ زانا) ئیتر هیچ گومانێکی بۆ ئەو ڕاستیە حاشاهەڵنەگرە نەهێشتۆتەوە، کە تیرۆریزم وتۆقاندن وهەموو شێوەکانی تووند تیژی پایەیەکی ئەساسیە لە ئیستیراتیژی ئیسلامی سیاسیدا بۆگەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی. ئەمەش بەتەواوی لە ئایەتەکانی لەمەڕ (جیهاد) ی قورئانەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم کارەساتانە ئەو ڕاستیە سەد جار دەسەلمێنێتەوە کە ئیسلام لەگەڵ بیروڕاو ئەندێشەی ئازادانەی ئینسانەکان وئیحساساتی قووڵی ئینسان وئینسانیەت نەك هەر پێچەوانەیە ودوژمنایەتی ئاشتی هەڵنەگریان هەیە، بەڵکو بەقەولی ناسك ئەحمەد بۆ ئەوەی ئینسان ئازاد بێت،دەبێ ئیسلام وئیسلامیزم لەقەفەسدا بێت. ئیسلام دوژمانیەتی لەگەڵ بیرکردنەوەی ئازادانەی ئینسانیدا هەیە، لەدەرەوەی ئیسلام ئینسان ئازاد نیە چۆن بیربکاتەوە , چ بەڵگەیەك پێویستە بهێنرێتەوە تا کەسێك بڕوا بەوە بکات , کە ئیسلام و ئیسلامیزم دوژمنایەتیان لەگەڵ شادی وخۆشی ومۆزیك وسینەماو هونەرو شیك پۆشی وشیعرو ئەدەبی ئینسانیدا هەیە، دوژمانیەتی لەگەڵ ئازادی و یەکسانی و زانست و زانیاری وپێکەوە ژیانی ئازادانەی ئینسانەکاندا هەیە . قەسابخانەکانی زەرقاوی وبن لادن و شاگردەکانی وەك شێخ زانا, نیشانیدا, کە بۆ ئەوەی کەسێك بکرێت بە ئیسلامی وپەیڕەو لەئەحکامەکانی ئیسلام بکات، دەبێ بەر لەهەر شتێك هەرچی خەسڵەتی ئینسانی هەیە لەنێو جەستەی ئەو ئینسانەدا بتاسێنرێت، دەبێ بەخۆی ودنیای دەروبەری بێگانە بکرێت، دەبێ هەست وشعوری ئینسانی لەجەستەیدا بکوژرێت، دەبێ خۆشەویستی بۆ ژیان وخۆشی ژیان لە بیروباوەڕیدا بکرێتە شتێکی قێزەوون، بەکورتی دەبێ بکرێت بە دڕندەیەك کە بەزەیی بە خۆشیدا نەیەتەوە.

*ئۆکتۆبەر:*

بەلام سەرهەلدانی ئەم دیاردە چەپەلانە لە کوردستاندا دەگەڕیتەوە بۆچی ؟ بۆچی ئەم دیاردەیە لە کۆمەلگای کوردستاندا لەم ئاستە ترسانەکەدا بەدەرکەتووە؟

*تامیرحەسەن:*

عێراق وکوردستان وسەرجەم ناوچەکە لەچارەکە سەدەی ڕابردوودا بوونەتە دەروازەی زۆر ڕووداوی مەترسیداری جیهانی و ناوچەیی , کە ڕاستەخۆ ئاکامە زیانبارەکانی بەسەر ژیانی خەڵکی ناوچەکەوە بە ڕۆشنی دەبینرێ. بەدەسەلاَت گەیشتنی جمهوری ئیسلامی ئێران وەك گەورەترین قەلاَی تیرۆریستی لە جیهان وناوچەکەدا، جارێکی تر هێزی کردەوە بە بەر دەیان دەستەوتاقمی تیرۆریستی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا , کە تا ئەوکات لە حاشیەیەی ئەم کۆمەڵگایانەدا بوون و ڕەوتی مەرگی خۆیان دەپێوا. پاشان بەڕێوەبردنی هەڵمەتی وەحشیانەی ئیمانی ڕژێمی بەعس و هێنانەوە گۆڕێی قانوونی کوێرانەی شەریعەتی ئیسلامی و زیندوو کردنەوەی دەیان تۆڕی جۆراوجۆری ئیسلامی وەك ( وەهابی وحەنەفی وئەهلی سووننە) بەکۆمەکی ڕاستەخۆی موخابەراتی بەعس لەلایەك و، داسەپاندنی سیاسەتی وەحشیانەی ئابلۆقەی ئابووری و هێنانەخوارەوەی ئاستی ژیان وگوزەرانی خەڵك تا خوار خەتی هەژاری ومەرگی شێنەیی بۆماوەی زیاتر لە 12 ساڵ، لەلایەکی ترەوە، کۆمەڵگای عێراقی وێرانکردو گەورەترین زەمینە بۆ گەشەی ئیسلامی سیاسی ڕەخسا.

بەلاَم تا ئەوجێگایەی ڕاستەوخۆ بە کوردستان دەگەڕێتەوە، لەسایەی سەرگەردانی وبێ قانوونی وبێ دەوڵەتی و وجەنگە یەك لە دوای یەکە ناوخۆییەکانی نێوان حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیدا، دەرگا بەڕووی ئیسلامی سیاسیدا بە کۆمەکی ڕاستەوخۆی شێخ نشینەکانی عەرەبستانی سعودیەو جمهوری ئیسلامی ئێران خرایە سەر پشت و چەندین دەستەوتاقمی تیرۆریستی وچەقۆکێشی وەکو بزووتنەوەی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی وکۆمەڵی ئیسلامی و جندالاسلام و ئەنسار الاسلام، کە گروپەکەی شیخ زانا گەرای نەزۆکی ئەوانە، سەریان دەرهێنا، وکەوتنە پەلاماردانی سیمای مەدەنیەت ومۆدێرنی کۆمەڵگاو سەرەتاییترین مافەکانی خەڵك. سیاسەتی چەوتی یەکێتی وپارتیش وەك دووحزبی دەسەلاَتدار لەکوردستان بەدەستگیرۆیی ئیسلامی سیاسی وچەمانەوە لەبەرامبەریان و شەریکردنیان لە دەسەلاَتدا وهەڵڕشتنی پارەو پوولی زۆرو زەبەندی پارووی دەمی خەڵك بۆیان وچەکدار کردنیان و کردنەوەی دەیان تەکیەو خانەقاو مۆڵگەی تیرۆریستی بۆیان , هێندەی تر بوار ورێگای بۆگەشەکردن و دەستدرێژی بۆ سەر مافەکانی خەڵك بۆکردنەوە.

*ئۆکتۆبەر:*

ووتت سیاسیەتی چەوتی یەکیتی و پارتی بۆ دەستگیرۆیی کردنی ئەم ئیسلامیانە، دەکری ئەمە زیاتر روون بکەیتەوە کە چۆن و بۆچی ئەوان دەستگیرۆیی ئیسلامی سیاسیان کردوە؟

*تامیرحەسەن:*

15ساڵە یەکێتی وپارتی سیاسەتی پۆلێنکردنی ئیسلامی سیاسی بە ئیسلامی( ڕەسەن وناڕەسەن, ڕاستەقینە وساختە, نیشتیمان پەروەر و خیانەتکار, توند ڕەوو و میانەڕەوو) بەسەر سەری خەڵکەوە بەڕێوە دەبەن. هیچ کاتێك ئەوەی بە ئەندازەی چڵە پووشێك بۆ یەکێتی وپارتی بایەخی نەبووەو نیە, ئەوەیە کە بوونی دەستەوتاقمی تیرۆریستی ئیسلامی چ مەترسیەکی لەسەر کۆمەڵگەو ئازادیەکانی خەڵك هەیە , ئەوەی کە گرنگە مەترسیان لەسەر دەسەڵاتی ئەوان نەبێت , تا نزیکی کورسیەکانی دەسەڵاتی ئەوان نەکەوتبن, ئیسلامی ڕاستەقینەو خۆماڵین وجێگای پشتیوانییانن !. پانزە ساڵە یەکێتی وپارتی بۆ ڕاگرتنی بالآنسی هێزی دەسەڵاتیان لە کوردستاندا دەستگیرۆیی ئەنواعی جروجانەوەری تیرۆریزمی ئیسلامی دەکەن ولەدەسەڵات ووەزارەتخانەکاندا شەریکیان دەکەن و لەسەر پارووی دەمی خەڵك , چەکداریان دەکەن, تەلەفزیۆن وڕادیۆو ڕۆژنامەیان بۆ دەخەنە سەرپشت , مزگەوتەکانیان بۆدەکەنە شوێنی سڕکردنی مێشکی لاوان وبەڕێوەبردنی توندو تیژی وتیرۆریزم, پانزە ساڵە خەڵکی بێکارو بێ نان وبێ کارەبا وئاوودکتۆر و دەرمان و خانووبەرەن و لەم لاشەوە ملیۆنەها دۆلار بۆ بەخێوکردنی جانەوەرانی ئیسلامی سیاسی و دروستکردنی مزگەوت وتەکیەو خانەقا وحسێنیەکان سەرف دەکەن !. پانزە ساڵە قانوونەکانی ڕژێمی بەعس کە لەسەر شەریعەتی ئیسلامی دامەزراوەو دەیان تۆڕی تیرۆریستی وەك گروپەکەی شێخ زانا لە نێو بەندەکانیدا خۆیان حەشارداوە لە کوردستان بە زۆری چەکو زیندان بەسەر سەری خەڵکیەوە بەڕێوە دەبەن!. پانزە ساڵە ئیسلامی سیاسی بە پەخشاندنەوەی فتوای قەتڵ وهاندانی توندو تیژی لە مزگەوتەکان وکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ولەسایەی دەسەڵاتی ئەم دوو حزبەدا, هەڕەشەی مەرگ لە کۆمۆنیستەکان وئینسانە ئازادیخوازەکانی کۆمەڵگە دەکەن , ژنان قەتڵی عام دەکرێن , ئازادی قەڵەم وبیرکردنەوە وعەقیدە پێشێل دەکرێ , هیواکانی لاوان بە قامچی ئیسلام دەتاسێنرێ. عبدالخالق مەعروف لەسایەی دەسەڵاتی بەعسدا هەر ئەمانە بوون بە ئاشکراو بەبێ ترس تیرۆریان کرد , شاپوور و قابیل بە فتوای مەلا بەشیر هەر بەدەستی ئەم جانەوەرانە بە ڕۆژی ڕووناك تیرۆرکران , فتوای قەتڵی ڕیبوار ئەحمەد و ناسك ئەحمەد و شێرکۆ بێکەس هەر ئەمانە لە مینبەر وبڵاوکراوەکانیانەوە لەسایەی دەسەڵاتی ئەو دوو حزبەدا دەریان کرد. داخستنی بڵاوکراوەی بۆ پێشەوە بەدەستی پارتی وهێرشی چەکدارانەی یەکێتی بۆ سەر حزبی کۆمۆنیست و ڕێکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان پاداشتێك بوو کە یەکێتی وپارتی پێشکەش بە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیان کرد.

***ئوکتۆبەر:***

**ئیستا هیزو تاقمە ئیسلامیەکانی وەکو کۆمەڵ‌و رابتەی ئیسلامی و ئەوانی تر، هەروەها بەشیك لە مەلای مزگەوتەکانیش ، کەتونەتە هەولی ئەوەی کە ئەمانە موسلمان نین و بۆ ناوزراندنی ئیسلام وایان کردوەو ئیسلام بیبەریە لەم کردەوانە. تۆ لەم بارەیەوە چ دەلییت؟**

***تامیرحەسەن:***

تاوانەکانی گروپەکەی شێخ زانا وتەقینەوەکانی پێشتری شاری هەولێرو کارەساتی چەند ساڵ لەمەوبەری خێڵی حەمە, ئەوەندە وەحشیانەو قێزەوون و نەفرەت ئامێز بوو بۆ خەڵکی کوردستان, دەستەتاقم وگروپە ئیسلامیە معاش خۆرەکان ومەلا مفتە خۆرەکانی ناچار کرد بە خێرایی خۆیان بگەیەننەدەزگاکانی ڕاگەیاندن و مینبەرەکان , نەکا هەڵچوونی غەزەبی خەڵك لە ئیسلامی سیاسی قاچی ئەوانیش بخزێنێتە نێو ئەم تاوانانەوەو لەسەر ئەوان حساب بکرێت. ئەوان شەق کاریکردنی مەلایەکی شاری هەولێریان بەدەستی کۆمەڵێك لاوی ئەو شارە بیستبوو ودەیانزانی ڕەنگە کار بەچەند شەقێکەوە نەوەستێ. دوێنێ مەسعود بارزانی لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ مەلاکانی شاری هەولێرو دەوروبەری , بەشی هەرە زۆری قسەکانی باسکردن بوو لە دەوری ئیسلام ومەلا وپیاوانی ئاینی لە ( شۆڕشی ئەیلول) دا و تەئکیدی دەکرد کە کردەوەکانی گروپەکەی شێخ زانا هیچ پەیوەندیەکی بە ئیسلامەوە نیە و پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێگە نادات هیچ کەسولایەنێك موزایەدەی ئیسلامی بوون بەسەریانەوە بکات وخۆیان لەهەموو کەس موسڵمانترن!. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا مەلاکان نیگەرانی خۆیان دەربڕی و ووتیان:( خەڵکی شاری هەولێر ئێمەیان خۆش ناوێت وگوێ بۆ قسەکانمان ناگرن !) بەڵام فازل میرانی لەوە دڵنیای کردن و ووتی( خەڵك کێیە؟, خەڵك ئێمەین , میللەت ئێمەین , ئێمەش ئێوەمان خۆش دەوێت)!!. چەند ڕۆژ پێش ئەویش نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ هەندێك لە گەرەکەکانی شاری هەولێر کۆبووەوەو هەمان هەولی بێ دریغی بۆ لەکەدار نەکردن و ڕوو سپی کردنی ئیسلام و گروپە ئیسلامیە معاش خۆرەکانی خۆیان بەخەرج دا. چەند ڕۆژ دوای ڕووداوەکە وەفدێك لە تیرۆریزمی ڕەسمی وقانوونی کە بارەگاکەیان لە شاری هەولێرە چوونە لای مەکتەبی سیاسی پارتی وبەرائەتی خۆیان لەوێ وەرگرت. هەفتەی ڕابردووش ,جەلال تاڵەبانی لەسەردانێکیدا بۆ شاری نەجەف لەسەر هەمان دەستووری پێشوو کەلەسەر قەبری جانەوەرێکی وەك خومەینی گریا, ووتی ( ئایەتوولا ئەلعوزما سید عەلی سیستانی) خێرو بەرەکەتێکە خوا بۆ خەڵکی عێراقی ناردووە!.

دەستەوتاقمە تیرۆریستە قانوونی ومعاشخۆرەکانی کوردستان کە هەر یەك هەوڵدەدات ئەوکارەساتە لەخۆی بەدوور بخات وئێستا موعەززەز وموکوڕڕم دانیشتوون و میوانی بەڕێزی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی پارتین لەمەڕ بەرەنگاربوونەوە تیرۆر, تا دوێنێ هەموویان سەر بە بزووتنەوەی ئیسلامی بوون و بەهاندان وفتوای ئەمانە چاوی دەیان کەسیان بە زمەی چەك هەڵکۆڵیوە. جندالاسلام و ئەنسار الاسلام لە ژێر عەبای هەر ئەماندا هاتنەدەرەوە. ئەمانە هەموویان لەخێزانی فتواچیان وشمشێر ڕاوەشێنەرانی جیهادن لە دژی ئازادیخوازی ومەدەنیەتی کۆمەڵگەو بیروڕای ئازاد, ئەگەر وەکو گروپەکەی زەرقاوی دەستیان بڕۆیشتایە بە ئاشکراو هەر بەو قەڵەمەی بەیانی بەرائەتی خۆیانی پێ دەنووسن, وەکو جیهاد لەپێناوی خواو تەریقەتی پێغەمبەردا ناویان دەنا. بەڵام یەکێتی وپارتی هەر کاتێك باریان لار بێت, یان بەرژەوەندی سیاسیان بخوازێ , بەشێکی بچوك لە تاوانەکانیان بۆ خەڵکی ئاشکرا دەکەن. دوای کارەساتی (خێڵی حەمە) بەرژەوەندی سیاسی ئەوکاتی یەکێتی پێویستی بوو, بۆیە مەکتەبی سوریای یەکێتی کتێبێکیان بەچەندین بەڵگەنامەوە لەسەر ئەوگروپەبلاۆ کردەوە . چەند ڕۆژ بەر لەئێستا لێپرسراوی لقی 2 ی پارتی لە دیدارێکدا ووتی: پێش ئەم گروپەی شێخ زانا دەزگاکانی ئاسایشمان چەندین گروپی تیرۆریستی ئیسلامی تریان دەستگیر کردووە, بەڵام ئاشکرامان نەکردووە!.

یەکگرتووی ئیسلامی کە ناوی میانەڕەوی لەسەر خۆی داناوە, ساڵی 1994 کاتێك ووتاری ڕێبوار ئەحمەد ( ئیسلامیەکان پەیامی کۆیلەتی وئیغتیسابی ژنان رادەگەیەنن) بلاۆکرایەوە, تەواوی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خستە گەڕ بۆ هاندان وپەخشاندنەوەی فتوا بۆ قەتڵی کۆمۆنیستەکان. مەلابەشیر لە تەلەفیۆنی پارتیەوە فتوای قەتڵی هاورێیان شاپوور وقابیلی دەرکرد!.

ئەو حزب ولایەن ودەسەلاّتەی دەیەوێ وسوورە لەسەر ئەوەی کە ئیسلامی سیاسی بەسەر( باش وخراپ, تووند ڕەوو ومیانەڕەو, ڕەسەن وناڕەسەن) دا پۆلێن بکات, بێ شك ئامانجێکی سیاسی هەیەو بۆ بەرژەوەندی دەسەلاّتی خۆی دەیەوێ بەشێك لەو تیرۆریزمە بەدەست لێ نەدراوی بهێڵێتەوە . گوێ بگرن لە ئیعتیرافاتەکانی گروپەکەی( شێخ زانا) هەموویان لە مەرکەز تەدریبی مزگەوتەکانە وە ودوای سڕکردنی مێشکیان وکوشتنی ئینسانیەت لە جەستەیاندا , ئینجا بەردراونەتە گیانی کۆمەڵگە. تیرۆریزم وسەروکەللە پەڕاندنی ئینسان و بەتالاّن بردنی سەروەت وسامان و پەخشانەوەی منداڵ و پۆل پۆل بە کەنیزەك کردنی کچ وهاوسەری هەموو ئەو ئینسانانەی کە ڕازی نەبوون دەسەلاّت وئەحکامەکانی ئیسلام قبووڵ بکەن , کاروکردەوەی پەیڕەوانی ئیسلام بووە هەر لەسەردەمی محمدەوە. مێژووی جەنگەکان و فتوحاتەکانی ئیسلام سەتاپا ئەم تیرۆریزمەیە . ئیسلام تا ئەوکاتەی لاواز وسەرەتای کاری بووە, بەزمانی لێبوردن و هەر کەس دینی خۆی قسەی کردووە , ئەوکاتەشی هێزی پەیدا کردووە, جگە لەزمانی شمشێرو سەر پەڕاندن وسووتاندن ودۆزەخ شتێکی تری نەبووە, ئایەتەکانی قورئان و حەدیسەکان شتێکی تر نین جگە لە بەیانی ئەم ڕاستیە. بزووتنەوەی تالیبان ومەلاعومەرو وبن لادن وخومەینی وخامەنەئیش خولەفای هەمان تەریقەتن.ئەمڕۆ لە دنیادا و لە مێشکی هەموو منداڵ و ژن و گەورەو بچوکێکدا, ئیسلام یانی تۆقاندن وتیرۆر وکوشت وکوشتارو سەربڕین وئینسان ڕفاندن . بۆیە پێویست نیە کەسانێك زەحمەت بکێشن و لەکەداری بکەن وناوی بزڕێنن !. ئیسلامی راستەقینەو ناڕاستەقینە, بە ئەندازەی خودی ئیسلام پووچە. خامەنەئی وبن لادن وملا عومەر ومەلا عوسمان ومەلا کرێکار هەموویان دەزانن کە ئەگەر تیرۆرو تووندو تیژی و سەر پەڕاندن لە ئیسلام دابماڵیت وتەنیا وەك عەقیدەیەك بۆ ئینسان خۆی بمێنێتەوە کە پەیڕەوی لێ دەکات یان نا, ئەوا ئینسانیەت لەگەڵ ئەرشیفی گیانەوەرە لە نێو چووەکاندا هەڵیان دەگرێت. بۆیە لە ژێر هەر ناوێکداو بەهەر بەهانەیەك پاساوهێنانەوە بۆڕووسپی کردنو هەوڵدان بۆ دەربازکردنی بەشێك لە تیرۆریزمی ئیسلامی, بێ مەسئولیەت و خەتایەکی گەورەیە بەهەقی کۆمەڵگە و زەمینە خۆشکردنە بۆ دووبارەبوونەوەی کارەساتی گەورەتر وفراوانتر.

***ئۆکتۆبەر:***

**پارتی ئیستا کە ئەم باندەی ئاشکرا کردوەو زۆری لی گرتوون، بەلام ترس و نیگەرانی خەلك زۆر زیادی کردوە. هۆی ئەمە چیە؟ ئایا پیت وا نیە بەم جۆرە ئەم خەتەرە لەسەر کۆمەلگای کوردستان لابچیت؟**

***تاهیرحەسەن:***

نیگەرانی خەڵك بەتەواوی لە جێگای خۆیدایە, خەڵکی دەبینێ دوای ئەوکارەساتە گەورانە کە ئاخرینیان تاوانەکانی گروپەکەی شێخ زانا بوو, کەچی بۆ بەرگرتن بە دووبارە نەبوونەوەیان مامۆستاکانی شێخ زانا دەعوەتکراون!. ( مەلابەشیر) ی فتواچی بە جبەو چەقۆی خوێناویەوە قسەکەری جێگا متمانەی کۆبوونەوەکەی ( مەسعود بارزانی) لەگەڵ مەلاکانی شاری هەولێرەو پێشنیاری دانانی مەرجەعیەتێك بۆ فتوادانی قەتڵ لە کوردستاندا دەکات!. بەڵگە هێنانەوەی ناوێ, هەر کەسێك دەتوانێ بچێت

تەنیا بۆ جارێك گوێ بۆیەكێك لە شریتی فتوادانەكانی مەلابەشیر بگرێت كە لە زۆرێك لە مەكتەبە ئیسلامیەكان ومزگەوتەكان وپەیمانگاكاندا خرابووە بەر دەستی لاوان ودەست بە دەستیان پێ دەكرا, ئەوكات تێدەگات ئەو تاوانانەی گروپەكەی ( شێخ زانا ) و هاوشێوەكانی ئەنجامیاندا, شتێك نین جگە لە بەكردەوە دەرهێنانی فتواكانی مەلا بەشیر و هاوشێوەكانی بۆ جیهاد!. ئەو فتوا وپەخشاندنەوەی قەتڵ و تیرۆریزمەی كە لە مینبەری مزگەوتەكان و ڕاگەیاندنە ڕێگەپێدراو و پارە بۆ هەڵڕێژراوەكانی ئیسلامی( ڕاستەقینە و ڕەسەن و نیشتیمان پەروەرەوە) دەردەچێت , بۆ ئەوەیە كە كەسان وگرۆپێك بچن جێ بەجێ ی بكەن, مەگەر دەركردنی فتوا بۆ كەسانێكی ئەهلی ئیمان نیە كە وەك واجبێكی دینی وئیلاهی بچن جیهادی بۆ بكەن و ڤی سەبیل اللە جێ بەجێ ی بكەن ؟!. گروپەكەی شێخ زانا وئەنسار الاسلام باڵی چەكداری بەجێگەیاندنی فتواكانی یەكگرتووی ئیسلامی ومەلا بەشیر و دەیان جانەوەری ترە . كە مانگانە دەیان ملیۆن دینار وەردەگرن و لە تەكیەو خانەقاكانی ئەحزابی دەسەڵاتداردا دانیشتوون.

سیاسەتی دەستگیرۆیی یەكێتی وپارتی لەبەرامبەر ئیسلامی سیاسی, ئەو زەمینە گونجاوو زەلكاوە بۆ گەنەیە كە دەتوانی گەرای دووبارە سەر دەرهێنانەوەی دەیان گروپی وەك گروپەكەی شێخ زانا لە هەناوی خۆیدا هەڵگرێ ودووبارە بەرهەمی بهێنێتەوە. سیاسەتی دەست بەسەر داهێنان وپاراستنی بەشێك لە تیرۆریزمی ئیسلامی لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا وگرتنی بەشێكی تری, بەو ئەندازەیەی كە یەك زەڕڕە مەترسی دووبارە بوونەوەی تیرۆریزمی ئیسلامی لەسەر كۆمەڵگە لا نابات وبەڵكو زیاتری دەكات, بەهەمان ئەندازە بێ مەسئولیەتی وخەتای یەكێتی وپارتی لە ئاست ژیانی خەڵكدا نەك هەر كەم ناكات, بەڵكو زیاتری دەكات. ئەم چڵكاوە دەبێ لە سەرچاوەكەیەوە بگیرێتەوە.

ئەگەر مەسعود بارزانی تەنیا تۆزێك ئەمنیەتی ژیانی خەڵكی بۆ گرنگ بوایەو لایەنگری ژیانی شارنشینی ئینسانیساڵی 2005 بوایە, دەبوو لەبری كۆكردنەوەی مەلاكان و خاوەنە ئەسڵیەكانی باندەكانی تیرۆریزمی ئیسلامی, لەگەڵ نوێنەرانی خەڵكی گەرەكەكان وخوێندكاران وڕێكخراوە جەماوەریەكان و ژنان وئەحزابی پێشكەوتوو خوازدا كۆببوایەتەوە, تا پێیان بووتایە دەكرێ چی بكرێ بۆ ئەوەی كۆمەڵگا لە سەرەتانی ئیسلامی سیاسی پارێزراو بێت , بەڵام دیارە ئەو كارە لەكەس وهێزێك دەوەشێتەوە كە وەك پارتی , قازانجی لەمانەوەی دەسەڵاتی مەلاو شەریعەت وئیسلامی سیاسیدا نەبێت.

*ئۆكتۆبەر:*

كەوایە ئێوە پێتان وایە چۆن دەكرێت ئەم مەترسیە بنەبڕ بكرێت؟

*تاهیر حەسەن:*

بەڕاستی دەبێ كاری زۆر بكرێت, بەداخەوە تا وەكو ئێستا خەڵكی كوردستان بەكردەوە بەئەندازەی مەترسی تیرۆریزمی ئیسلامی لەسەر ژیانیان حەساسیەتیان لە خۆیان نیشان نەداوە. بەبڕوای من دەبوو وە ئێستاش دەكرێ, ئاشكرابوونی تاوانەكانی گروپەكەی شێخ زانا بكرێتە دەرفەتێك بۆ هاتنەمەیدان و نیشاندانی گەورە ترین نمایشی ناڕەزایەتی جەماوەری خەڵكی كوردستان لە دژی سیاسەتی چەوتی یەكێتی وپارتی بۆ دەستگیرۆیی وبەخێوكردنی ئیسلام وئیسلامی سیاسی وهەڵپێچانی مۆڵگەو بنكەو بارەگای تیرۆریستان وفتواچیان وچەقۆكێشانی ئیسلامی سیاسی . نابێ خەڵكی كوردستان بۆ تەنیا ساتێكیش خۆش باوەڕی ئەوەبن كە یەكێتی وپارتی ئیسلامی سیاسی وتیرۆریزمەكەیان لە كۆڵ كۆمەڵگەو منداڵەكانیان بكاتەوە , ئەوان مانەوەی خورافەو فەرهەنگی دواكەوتووانەو هۆیەكانی ووڕو گێژ كردنی ئینسانەكان و ڕاگرتنی چەقۆی ژەنگاوی ئیسلام وئیسلامیزم بەسەر سەری خەڵكەوە , بە پێداویستیەكی حەیاتی مانەوەی دەسەڵاتەكەی خۆیان دەزانن. بۆیە دەبێ خەڵك لەدەرەوەی ئەو دووحزبەوە بێتە مەیدان وبەدەستی خۆیان ئەم سەر ئێشەیە لەكۆڵ خۆیان وكۆمەڵگەكەیان بكەنەوە. هەر ئەو ڕاستیەی كە مەلاكان دركاندیان ( خەڵكی كوردستان ئێمەیان خۆش ناوێت ) ببێتە گەورەترین بزووتنەوەی جەماوەری بۆ هەڵپێچانی دەورو دوكانی تیرۆریزمی ئیسلامی.هەر ڕۆژێك دواكەوتن لەم مەسئولیەتە مێژووییە بەقیمەتی پارچە پارچە كردنی چەندین لاوی دڵ پڕ لە هیوای تر تەواو دەبێت , بەقیمەتی كەوتنە داوی چەندین لاوی تر لەتوڕی ئیسلامی سیاسی تەواو دەبێت. كە ڕەنگە ئەوكات یەكێتی وپارتی بەرژەوەندیان لە ئاشكرا كردنیدا نەبێت و وەك دەیان تاوانی تر بیشارنەوە. ئەمڕۆ لەئاكامی سەرگەردانی وداگیركاری ئەمریكاو فەوزای بێ حكومەتی ولەدەسەڵاتدابوونی ئیسلامی سیاسیدا لە عێراق , تیرۆریزم و كوشتار وتەقاندنەوە وئینسان دزین وقەتڵی عامی خەڵك ونائەمنی كراونەتە دیاردەی هەموو ڕۆژەی ژیانی خەڵك وڕۆژ نیە دەیان ئینسانی بێ تاوان نەبنە قوربانی, تا كاتێك كوردستان بە كردەوە بەشێك بێت لە عێراق و چەقی قورساییەكەی ( بەغداد) نا ئارام ولانكەی گەورەترین هەڵسوڕانی تیرۆریستانی ئیسلامی بێت, دڵ خۆشی بە ئارامی كوردستان تەنیا خۆش خەیاڵیەو درەنگ یان زوو پێی دەكەوێتە نێو ئەو هاوكێشە مەترسیدارەوە , بۆیە دەبێ هێزی جەماوەری فراوانی خەڵك بێتە مەیدان وڕابگەیەنن: 1/دەبێ كوردستان لە عێراق جیاببێتەوە

ودەوڵەتێکی سەربەخۆی غەیرە قەومی وغەیرە دینی پێك بێت.2/ دەبیّ دین لەپەروەردەو خوێندن جیا بکرێتەوەو بسپێردرێت بە باوەڕی تایبەتی ئینسانەکان. دەبیّ هەموو ئەو یاسایانەی کە لەدینەوە سەرچاوەیان گرتووەو لەگەلّ ماڤ یەکسانی ئینسانەکاندا ناکۆکن هەڵوەشێتەوە.3/ قەدەغەکردنی تەواوی دەستەو تاقمە تیرۆریستە ئیسلامیەکان وپێچانەوەی هەموو دامودەزگاو بنکەو هێزی چەکدارو مینبەرەکانی فتوادان و هاندان بۆ تیرۆرو توندو تیژی , هاوکات دادگایی کردنی هەموو ئەو کەس ولایەنانەی لە ئەنجامدان یان بانگەواز بۆ کاری تیرۆریستیدا دەستیان هەبووە.4/ هەڵوەشانەوەی وەزارەتی ئەوقاف وتەواوی دامەزراوە دینیەکان وبڕینی هەموو جۆرە بودجە وهاوکاریەکی مالی بەم دامەزراوانە, هاوکات ئاشکراکردنی تەواوی سەرچاوە مالیەکانی دەستەوتاقمی تیرۆریستی ئیسلامی بۆخەڵك.5/ بردنە سەری ئاستی ژیان وگوزەرانی خەڵك و دابینکردنی کاری گونجاو یان بیمەی بێکاری بە مەبەستی پاراستنی لاوان لە نەکەوتنیان بۆ نێو تۆڕی تیرۆریستی, کە ئیسلامی سیاسی لەسەر خراپی ئاستی مەعیشەتی خەڵك دەلەوەڕیّ.

ئەمانە ئەو هەنگاوە خێرایانەن کە دەتوانیّ تا ڕادەیەکی ئێجگار زۆر ئەمنیەتی کۆمەڵگە بپارێزێت وخەڵکیش بە چاوێکی کراوەوە لە پاراستنی کۆمەڵگەکەیاندا شەریك بکات. بەلأم مەرجی جیّ بەجیّ بوونیان لەگرەوەی ڕێکخراو بوون وهاتنەمەیدان وئیرادە نواندنی بەکۆمەڵی خەڵکدایە. خەڵکی کوردستان لەم ڕێگەیەدا بە تەنیا نین وحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق پشت و پەناوهاو خەباتیانە.

سەرکەوتووبیّ خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بۆ هەڵپێچانی تیرۆریزمی ئیسلامی

2005/ 7 /25